# سەرلەنوێ کۆمونیستەکان لە ئۆروپا ڕووبەڕووی راونان دەبن!

سەلام عەبدوڵلا

نووسەری ئینگلیز(Herwig Lerouge) دەنووسێ: لە 14/ دیسەمبەری/2004دا، لە پێشەکی راپۆرتی ئامادەکراوی لیژنەی سیاسی پەرلەمانی ئۆروپا، مەبەستی کۆبوونەوان ئاشکرا کراوە: ( کاتی ئەوە هاتووە، رابردووی تاوانە بەرفراوانەکانی کۆمونیستە تۆتالیتارییەکان، لەبەرچاو بگرین و بەڕەسمی مەحکوم بکەین. ئەگەر ئێمە ئەمە پشتگوێ بخەین، ئەوا لەوانەیە نۆستالژییەکی وەهمی لە هوشیاری نەوە تازەپێگەیشتووەکان درووست ببێ و وای ببینن کە ئەو رژێمانە تواناگەلێکن بۆ ئەوەی شوێنی دیموکراسی لیبڕالی)بگرن. هەروا لەو پێشەکییەدا، تەنها کۆمونیزم نەکراوە بە نیشانە، بەڵکو خەباتی چینایەتیش و نووسراوە: (.... کۆمونیزم لە تیئۆری خەباتی چینانی لەدایکبوو)... هەروا هاتووە: ( حزبە کۆمونیستەکان لەوڵاتانی ئیسلەند، لیتلەند، لیتوانیا، رۆمانیا و تورکیادا، بە گوێرەی یاسا، قەدەغەن یان بەتوندوتۆڵی ڕووبەڕووی رێگری لە چالاکییە شەرعییەکانیان دەبن. لە هەنگاریا و کۆماری تشیك بەکارهێنانی سمبۆلە سۆسیالیستییەکان بە گوێرەی یاسا قەدەغە و سزابارە. سکرتێری حزبی کۆمونیستی لیتوانیا( Mikolas Bourakiavitsius) و هاوڕێ(Yiouozas Kouolelis) لەبەر هۆی سیاسی بۆ 120ساڵ دەچێت لە زیندانن. پاش ئەوەی سکرتێری حزبی کرێکارانی ئیرلەندا(Sean Garland) بۆ چەند رۆژێك زیندانی دەکرێت، ئێستا لە ئیرلەندای باکۆر دەستبەسەر کراوە، بەبێ ئەوەی بە هیچ شتێکی دیاریکراو تاوانبار کرابێت و هەڕەشەی دیپۆرتکردنی لێ دەکرێت بۆ وەڵاتە یەکگرتووەکان. هەروا، دامەزرێنەری حیزبی شیوعی فیلیپین( خوسێ ماریا سوسێ) بۆ هۆڵەندا هەڵهات و ئێستا بەگوێرەی یاسای دژە تیرۆریزم کە لە لەپاش 11ی سێپتێمبەرەوە لە ئۆروپا کاری پێدەکرێت، هەرەشەی دیپۆرتکردنی لێ دەکرێت بۆ فلیپین یان ئەمریکا.) نووسەری ناوبراو لە وتارەکەیدا هێما بۆ دەیان فاکتی تر دەبات لەبارەی دەسەڵات و ئازادی فاشیستەکان لە خۆپیشاندان، کۆبوونەوە و بڵاوکردنەوەی بیروڕا لە وەڵاتانە تازە بەئەندامبووەکان لە یەکێتی ئۆروپا، بەبێ ئەوەی هیچ دەوڵەتێك لە دژیاندا پرۆتێست بکەن..... لەبەر بەرگری و فشاری کۆمونیست و چەپەکانی وڵاتانی ئۆروپا، بڕیاری کۆبوونەوەی پەرلەمانی ئۆروپا دواخرا!)

ئەمەی خوارەوەش، بانگەوازی حیزبی شیوعی ئەڵمانییە بۆ نارەزایی دەربڕین لە دژی ئەو هەوڵە ئەنتی کۆمونیستییە: راونانی کۆمونیستەکان لە ئۆروپا

لە کۆتایی ئەم مانگە، ئەنجومەنی پەرلەمانی ئۆروپا دەبێ لەبارەی بڕیارێك گفتوگۆ بکەن کە سەردێڕەکەی ئەمەیە: ( پێویستی مەحکومکردنی جیهانی بۆ تاوانکارییەکانی رژێمە کۆمونیستەکان). ناوەڕۆکی سەرەکی ئەم نووسینە لە(کتێبی رەشی کۆمونیزم)وەرگیراوە گەرچیش دەمێکە بەڵگە لەسەر ئەو کتێبە بڵاوکراوەتەوە کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی نییە و هەوڵێکە بەدرۆ و نیوە راستییەکان، ئەنتی کۆمونیزم بڵاودەکاتەوە، بەڵام ئەنجومەنی پەرلەمانی ئۆروپیش دەیەوێت لە پێناو پروپاگەندەی ئەنتی کۆمونیزم بەکاریبهێنێت. راستی پشتخانی سیاسی ئەم کارە لە ناکۆکی گەشەسەندنی سەرمایەدارییەوە هەڵقوڵاوە کە جەماوەر بەرەو موقاوەمەت و گفتوگۆ لەبارەی ئەڵتەرناتیفی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبات.

بێتوانایی سیستێمی کۆمەڵگای سەرمایەداری و دەرکەوتنی کێشەکانی لەبەرژەوەندی چارەسەرکردنیانە و درووستبوونیان زۆربەی دانیشتوانی بەرەو دیباتکردن لەبارەی هۆکارو شێکردنەوەی بارودۆخەکەیان دەبات. بەگشتی، راپرسییەکان لە ئەڵمانیا دەریدەخەن کە زۆربەی دانیشتوان(سۆسیالیزم بەشتێکی باش دەزانن) و لە هەمان کاتدا جێبەجێکردنی واقیعی ئەم جۆرە کۆنسێپتە کۆمەڵایەتییە بە نامومکن دەزانن.

سەرئەنجامی ئەنتی کۆمونیزم لەسەردەمی هیتلەر، بووە هۆی کوشتن و راونانی دەیان هەزار کۆمونیست و لە ساڵی 1956 و لە 1980شدا، دەیان هەزار کۆمونیست و لە پێشەوەشیاندا ئەندامانی حیزبی شیوعی ئەڵمانی لەسەر کار دەرکران.

**بەم بۆنەیە، حزبی شیوعی ئەڵمانی بانگەوازی هەموو شیوعی و چەپەکان دەکات  لە دژی ئەو گفتوگۆ ئەنتی کۆمونیستییە، لەبەردەم بارەگای پەرلەمانی ئۆروپا لە شتراسنبۆرگ، نارەزایەتی خۆیان دەربخەن.**

**لە**(Unsere Zeit- UZ) **هەفتەنامەی حزبی شیوعی ئەڵمانی، ژمارە** 2**، لە** 2006/1/13**، وەرگیراوە**